Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.25 23:18:11 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# خاکی پیرۆزی عێراق!

**حەمەسەعید حەسەن**

گەلێ جار لە سەروەختی جەنگدا یان بە کۆتایی هاتنی، ڕووداوی زۆر گرنگ دەقەومێ. ئاخۆ ئەگەر جەنگی جیهانی یەکەم ڕووی نەدابا، شۆڕشی ئوکتۆبەر هەڵدەگیرسا؟ ئاخۆ ئەگەر جەنگی جیهانی دووەم نەقەومابا، بلۆکی سۆسیالیست دادەمەزرا؟ کورد کە لە سەدەی ڕابردوودا سێ جار دەستی لە دەسەڵات گیر بووە، هەر سێ کەڕەتەکە لە ئەنجامی جەنگەوە بووە. مەملەکەتەکەی شێخ مەحموود، زادەی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو. کۆمارەکەی قازی محەمەد، سەرئەنجامی دووەمین جەنگی جیهانی بوو. ڕژێمی هەنووکەی هەرێمی کوردستانیش دووەمین جەنگی کەنداو، یان جوانتر، گەردەلوولی بیابان لەگەڵ خۆی هێنا.

ئێستا کە (١٠) ساڵ بەسەر جاڕدانی کوردستانی فیدرالدا گوزەری کردووە و عێراق بەرەو ڕووی ئەگەری جەنگێکی نوێ دەبێتەوە و سەربەخۆییش ئامانجی کوردە، نەک کوردستانێکی فیدرال لە عێراقێکی دیموکراتیدا، جێی خۆیەتی لەگەڵ یەکەمین بڵێسەی ئەو جەنگە نوێیەدا کە خوازیارم چی زووترە بقەومێ، کورد جاڕی جیابوونەوەی تەواوی ئەو بەشەی کوردستان لە عێراق بدات و ئاڵای سەربەخۆیی هەڵبکا.

پدک و ینک ئەگەرچی سەرومڕ گۆرانی بۆ باڵای یەکپارچەیی عێراق دەچڕن، کەچی لە ڕوانگەی بڵند ئەجەویدەوە ئەو بەشەی کوردستان لە وڵاتێکی سەربەخۆ دەچێ. کەواتە فیدرالیمان بوێ یان سەربەخۆیی، تورک هەر هەمان پەرچەکرداری دەبێ. ئێمە ساڵی ١٩٨٨ بە کەمترین مافیش قایل بووین، کەچی ڕژێمی عێراق بە بای مەرگ و ئەنفال وەڵامی داینەوە. ئاخۆ ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکات، چارەنووس لە ئەنفال دژوارتر هەیە تا تووشی ببێت؟

ئەگەر ئێمە هێندەی بە تەنگ یەکێتیی خاکی عێراقەوەین، نیو هێندە یەکپارچەیی کوردستانمان مەبەست بووایە، هەنووکە هیچ نەبێ، باشوورێکی یەککگرتوومان دەبوو. ئەوە چییە وای کردووە هەولێر هێندە پیرۆز بێت، شەڕی تێ نەکەوێ؟ سەروەختی براکوژی نەوشیروان مستەفا ئەو پرسیارەی  ورووژاند؛ هەنووکە من هەمان پرسیار بە جۆرێکی دیکە لە قازانجی کورد دەورووژێنم. ئەوە چییە وای کردووە خاکی عێراق هێندە پیرۆز بێت، کەس مافی ئەوەی نەبێت، خەو بە لەتبوونییەوە ببینێت؟ ئەدی تورکیا لە شەو و ڕۆژێکدا قوبروسی دوو کەرت نەکرد؟ ئەدی چیکوسلۆفاکیا نەبوو بە دوو لەتەوە؟ ئەدی یۆگۆسلافیا نەبوو بە ئاردی نێو دڕک؟ بە ڕاست عێراق لەو وڵاتانە نازدارترە؟  یان کورد لەو نەتەوانە کەمترە!

نازانم لە سۆنگەی چییەوە سەرانی کورد، شانازیی بە عێراقیبوونی خۆیانەوە دەکەن! عێراق لە کاولکردنی کوردستان و قەلاچۆکردنی خەڵکەکەی بترازێ، چی بە کورد بەخشیوە؟ هیوادارم لە ئەنجامی ئەو شەڕەی کە بەڕێوەیە، نەخشەی عێراق بە جۆرێک هەڵبوەشێتەوە، هیچ مامۆستای جوگرافیایەک نەیناسێتەوە.

2002. 07. 26